# لە دۆزینەوەی تۆدا ڕەنگ چ جوان دەناسمەوە

بێکەس حەمە قادر



بۆ ئەم جارە وشەیەکم
لە عیشقدا پێویستە
چرکە و دەقە و ڕۆژ و
مانگ و ساڵ
تۆمار بکات
خۆشەویستی لەسەر نەخشەی دڵم
بەڕەنگێکی ڕەشی تۆخ بنووسێ
ناو و شوێن و دەنگ و ئاواز و
هەتا ئەو شوێنانەی من
لە تاریکیدا
خۆشم دەوێن
کاتژمێری دەستی چەپی خۆمم خۆش دەوێ
لە هەر چرکەیەکدا
ناوی تۆ دووبارە تۆمار دەکات
ئێوارەیە و من
حەز لە دووبارە باران بارین دەکەم
گەرەکم بوو ماچێك لە تاریکی شەوت
لێ بدزم و بڕۆم
لە نەرمی گوێچکەکانت
ئیرەییم بە دڵۆپی گەرمی باران دەبرد
تا بتوانم لە کۆشی ئارامی بتپارێزم
وشەی خۆشم دەوێی دەکەمە
ناسنامەی بوونی ناسینەوەی تۆ
دەستەکانت بێنە با باران
نەرم نەرم لێی بدا
خێرا خۆم لە خۆم بزر دەکەم
باران توند توند ڕێگا دەکوتێ
مێزێك پێکەوە کۆمان دەکاتەوە

قاوەیەکی تاڵ ئێوارە جوانتر دەکات
ئەو لە ڕەنگێکی گەرم
سەوز سەوز دەردەکەوێ
لێوەکانی لێوی پیاڵەکە ماچ دەکات
بە پەنجەکانی جێگۆڕکێ بە فنجانەکە و
تاریکی بە تاریکی دەسپێرێ
من ماچی ناکەم
ئەو ماچم ناکا
ئێمە قەلەقیی لە خۆمان دوور دەخەینەوە
ناچار نیم بڕۆم
بەڵام لە ڕۆیشتنمدا
ناچارم لە باران و ڕێگا
ببمە چەتر
ئێوارەیە و ئێمە
دڵۆپە گەرمەکانی
نێو سەرمان دەشارینەوە
شەوە و ڕێگا تاریك تاریك
با تاریکی دوور دەخاتەوە
چاوم دوور دوور دەڕوانن
ئێوارەیە و من تۆ ماچ ناکەم
ئێوارەیە من دەڕۆم و تۆ من ماچ ناکەی
بۆ ئەم جارە وشەیەکم
لە عیشقدا پێویستە
لە تاریکیدا بە قەڵەمێکی شین شین
بنووسە لێرەش نەبێ خۆشی دەوێم
لەوێش بێ خۆشی دەوێم
ئەها باران چ جوان دەبارێ
ئێمە ژمارەیەکی دیمان
لە ڕۆژژمێری خۆشەویستی
تۆمار کرد بە ناوی یەکتر بانگی یەکتر ناکەین
لە دۆزینەوەی تۆدا ڕەنگ چ جوان دەناسمەوە.